بە چاودێری و ئامادەبوونی قوباد تاڵەبانی..دووەمین کۆنفرانسی میدیا بۆ گەشەپێدانی ناوچەیی دەستپێکرد



ئەمڕۆ یەکشەممە بە چاودێری و ئامادەبوونی قوباد تاڵەبانی، جێگری سەرۆک وەزیرانی هەرێم بۆ ناونیشانی (سیاسەت و بەڕێوەبردنی داتا بۆ پێشکەوتنی بەردەوام) لە هۆڵی بناغە لە کارگێڕی کولتووریی سلێمانی دووەمین کۆنفرانسی میدیا بۆ گەشەپێدانی ناوچەیی دەستپێکرد.

نوسینگەی ڕاگەیاندنی قوباد تاڵەبانی لەڕاگەیەندراوەکدا باویکردووە

لە دەستپێکی کۆنفرانسەکەدا قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان وتەیەکی پێشکەشکرد و ڕایگەیاند، "لەم وڵاتەدا دنیایەک کێشە و قەیران و گرفت هەیە، بەشی زۆری ئەم گرفتانە هەر هەبوون و گومان پەنداوون، بەڵام کە باسی ئەم گرفتانە دەکرێت، کەس هەیە چارەسەریان بە بەزێتەوە؟".

وتیشی، ئەمڕۆ شۆڕش و کەبەکەیەکی گەورە هەیە لە جیهاندا لەسەر داتا، کە داتای وردتر، زەرتر و زانستیانەتری هەبێت، براوەی ڕکابەرییەکانە لە هەموو بوارەکاندا.

ئاماژەی بەوەشکرد، "زۆرێک لە پسپۆڕانی بواری داتا لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای زۆوی، باس لە

دەستپێکردنی شەڕی جیهانیی سێیەم دەکەن، ئەمە شەڕی چەک و تەقەمەن و تانک نییە، شەڕی داتایە، بەڵام ئەم داتایە کە هەندە گرنگە، بۆ ئەمە نیمانە؟".

تاوتوێبانی راشیگەیاند، ئەمە هەشتا بەجددی لە گرنگیی داتا تێناگەیشتووین، بۆیە بوونی داتا حکومەتانیی دروست بوونی نییە، حکومەتانییەکی هەڵەمەکییە، ڕێنگە ئەمە پرۆژەییەکی گەورە بکەین و پارێیەکی زۆری بۆ تەرخانبکەین، بەڵام دوای 10 بۆ 20 ساڵی تر بەمان دەربکەوێت خودی پرۆژەکە شکستیهێناوە و بووەتە کەشە، چونکە لەکاتی پلاندانان بۆ پرۆژەکە، ئێگەر داتا نەبێت ناتوانیت پێشبینی بکەیت 10 بۆ 20 ساڵی تر پێویستییەکانی شارەکی وەک سڵەمانی چی دەبێت؟".